عەمار حەکیم:سەقامگیری عێراق بە سەقامگیری ناوچەکە گرنگە

سەرۆکی رەوتی حیکمە جەختی لە گرنگی سەقامگیریی عێراق کردەوە و رایگەیاند کە سەقامگیری عێراق بە سەقامگیری ناوچەکە گرنگە.

بەپێی بەیاننامەیەکی نووسینگەکەی، رۆژی هەینی عەمار حەکیم سەرۆکی رەوتی حیکمە لە سەردانەکەیدا بە پارێزگاری بابل لەگەڵ کەمەڵك لە رۆکخراوەکانی رەوتەکەی کۆبوەو و رایگەیاند کە "سەقامگیریی عێراق بە سەقامگیری ناوچەکە گرنگە. ئەوەش پێویستی بە سەقامگیری ناوخێیی هەیە".

وتیشی: "درێژەدان بە پەیوەندییە کەمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتەکان، و زاڵکردنی دانبەخۆداگرتن و ساڕژکردنی برینەکان بەسەر دیدگا و مەنهەجەکانی تردا، ڕێبازێکی ئیسلامییە".

حەکیم داوای "باوەڕبوون بە هاوکێشەی پێکهاتەکان، کەرەستە و قوربانیدانەکان" دەکات،

جەختیشی لەسەر "راستگۆیی، پرەنسیپ، و زاڵکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك بەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکان کردەوە".

هاوکات سەرکی رەوتی حیکمە داوای کرد "شانازی بە پێژەی میانەوی و ناوەندگەرایییەوە بکرێت".